# ئەگەر بەستەری نەعلێکی یەکێکتان پچڕا؛ ئەوا با بە دانەکەی تر ڕێ نەکات هەتاوەکو (ئەوی تر) چاکدەکاتەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەگەر بەستەری نەعلێکی یەکێکتان پچڕا؛ ئەوا با بە دانەکەی تر ڕێ نەکات هەتاوەکو (ئەوی تر) چاکدەکاتەوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە مرۆڤ بە یەک تاک نەعلەوە ڕێ بکات ئەگەر تاکەکەی تر بەستەرەکەی پچڕا ونەیتوانی پێوەی ڕێ بکات، بەڵکو پێویستە چاکی بکاتەوە یان ئەوی تریش لە پێ نەکات وبە پێ پەتیەوە ڕێ بکات، چونکە ڕێ کردن بە یەک نەعلەوە خۆچواندنی تێدایە بە شەیتان، هەروەکو لە فەرموودەکانی تردا هاتووە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8907

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee